# کۆنگرەی سێهەمی حیزب و رۆژێك لەگەل ئیوە!

رۆژی یەکشەمە رێکەوتی 2005/5/22 کۆمیتەی رێکخراوی حیزب لە فنلاندا لە ژێر ناونیشانی کۆنگرەی سێهەمی حیزب و رۆژێك لەگەل ئێوە، کۆبوونەوەیەکی گشتی لە شێوەی گفت وگۆدا بۆ هاورێیان شمال علی و هەلاّلە رافع لە شاری هلسینکی رێکخست. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە باسەکانی کۆنگرەی سێی حیزب کە لە ناوەراستی مانگی نیسانی ئەمسالّدا لە شاری بەغدا گیرا. لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هاورێیانی حیزبی و دۆست ولایەنگرانی عیراقی وئێرانی بەشداریان کرد، هەروەها نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی فنلانداش لەم کۆبوونەوەیەدا بەناوی ئێلینا یارڤێنپا بەشداری کرد.

کۆبوونەوەکە لە کاتژمێری 11ی پێش نیوەرۆ دەستی پێکرد و سەرەتا هاوریٚ مصتەفا باهیر لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخراوی فنلاندا بەخێرهاتنی لە هاورێیان و لە بەشدار بووان کرد و چوارچێوەی باسەکەی ناساند، دواتر هاوریٚ هەلاّلە رافع باسی هەلّ ومەرجی گشتی عیراق و کوردستانی لەکاتی بەستنی کونگرەدا کرد وتیشکی خستە سەر دەورو نەخشی حیزبە سیاسی‌یە دەسەلاّتدارەکان و بارودۆخی ژیانی مەینەتباری خەلك و مەترسی تیرۆر و تەقینەوە و گرتن و .... کە سێبەری رەشی بە سەر ژیان و گوزەرانی خەلّکدا کێشاوە، بەلاّم باسەکانی هاورێیان و کەش و هەوای کۆنگرە پیچەوانەی ئەم سێبەرە رەشە بوو باسی لە رێگا چارەکانی بۆ کێشە سەرەکیانەی جەماوەری خەلکی عیراق و چۆنیەتی کۆتایی هێنان بەم هەلّ ومەرجە فەلاکەتبارە و تاریکە دەکرد. هاورێیانێك بەشداری ئەم کۆنگرەیان کردوە کە هەر یەکە هەلّسووراوەی مەیدانێکی گرنگ لە ئەرك و خەباتێك بوون لە شوێنی ژیانی خۆیان و رابەرانی ناسراو و بەئیعتیباری بزووتنەوەی کرێکاری و ژنان و خوێندکاران و ریکخراوی بێکاران بەتایبەتی لە ناوەراست و خوارووی عیراقەوە هاتبوون. دواتر هاوریٚ شەمالّ باسی لە باسە سەرەکیەکانی کۆنگرە کرد و بریارنامە گرنگەکان و ئەنجامی ئەو باسانەی کە خرابوونە دەستووری کاری کۆنگرەوە. هاوریٚ شەمال ئاماژەی بەوە کرد کە لە کۆنگرەکەدا لایەنە سەرەکی‌یەکانی ئەو بارودۆخانەی کە دووسالە عیراق وکوردستانیان کردۆتە مەیدانی رووداو و کیشمەکیشی سیاسی و کۆمەلایەتی گەورە، خرایە بەرباس ولیکۆلینەوە و لەو چوارچیوەیەشدا سیاسەت و ریگاچارەی دروست لەبەرامبەر مەسەلەکانی جەنگ وداگیرکاری، تیرۆریزم وپەلامارەکانی ئیسلامی سیاسی، سازدانەوەی دەولەت وحکومەتی کاتی، کیشەی کورد ومەترسی شەری قەومی، هەژاری وچونیەتی گیرانەوەی مەدەنیەت و دەیان مەسەلەی تر ، لەروانگەی کریکاران وجەماوەری خەلکەوە خرایە بەر باس و لێکۆلّینەوە. لەباسە گرنگەکانی کۆنگرە باسی کۆنگرەی ئازادی عیراق و مەسەلەی ریفراندۆم لە کوردستاندا بوون.

بەشی دواتر پرسیارو پێشنیار و باسەکانی بەشداربووان بوو کە کۆمەڵێکی زۆر پرسیار و باس کران و هاورێیان هەلاّلە و شەمالّ وەلاّمیان دایەوە و بۆچوونی خۆیان و کۆنگرەیان زیاتر شی کردەوە.

بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە باسی کۆنگرەی ئازادی عیراق کە وەك پرۆژەیەکی گرنگی سەرتاسەری بۆ گێرانەوەی شارستانیەت بۆ کۆمەلّگای عیراق و ژیانی ئاسایش بۆ جەماوەی دانیشتووی عیراق. ئەم باسە کە بۆ بەشداربووان بەتایبەتی گرنگی زۆری پێدرا و لایەنەکانی ئەم باسە پێی لەسەر داگیرا و چۆنیەتی هەلّسووران و کارکردن بۆ ئەم مەبەستە لە ولاّتی فنلاندا تیشکی خرایە سەر. لەم باسەشدا کۆمەلّێکی زۆر پرسیار لە هاورێیان کران و باسی جۆراوجۆر بۆ بردنە پێشەوەی کارەکانی ئاراستە کران.

کۆبوونەوەکە دوای زیاتر لە چوار سەعات لەقسەو باسی چڕ وپڕ و بەشداری گەرم وگوڕ لە کاتژمێری چواری دوای نیوەڕۆدا کۆتایی هات.

**حيزبى كۆمۆنيستى كرێكارى عيراق– كۆميتەى رێكخراوى  فنلاندا**

2005/5/22